Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

# بڕە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا بۆ مناڵ
# Child Winter Heating Payment

**بڕە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا بۆ مناڵ چییە؟**

ئەوە 251.50 پاوەنە لەماوەی پارەپێدانی زستاندا بۆ یارمەتیدانی خێزانی منالآن و گەنجانی کەمئەندام سەبارەت بە تێچوونەکانی سوتەمەنی.

**کێ بڕە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا بۆ منال وەردەگرێت؟**

ئەو منال و گەنجانەی کە تەمەنیان 18 سال و کەمترە لە سکۆتلەند و ئەمانە وەردەگرن:

- بەرزترین ڕێژەی پێکهاتەی سەرپەرشتی دەرمالەی ژیان بۆ کەمئەندامی بۆ منالآن
- بەرزترین ڕێژەی پێکهاتەی سەرپەرشتی بڕە پارەی کەمئەندامی منال
- پێکهاتەی بەهێزکراوی ژیانی ڕۆژانەی بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی
- پێکهاتەی ڕێژەی بەهێزکراوی ژیانی ڕۆژانەی بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەسالآن

لە لانی کەم 1 ڕۆژ لە هەفتەی تەواوی سێهەمی مانگی نۆدا.

**ئەی ئەگەر زیاتر لە 1 منال لە هەر مالێکدا شیاو بێت؟**

بڕە پارەکە بۆ هەر تاکە کەسێک دەدرێت وەک لەوەی بەگوێرەی مال بێت، واتە هەر یەک لە منالە شیاوەکان لە مالەکەدا بڕە پارەیەک وەردەگرن.

**ئایا دەبێت کەسێک داوا پێشکەش بکات؟**

نەخێر، لە زۆربەی هەرە زۆری حەلەتەکاندا، ئەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەلایەن ئاسایشی کۆمەلایەتی سکۆتلەندەوە ئەنجام دەدرێت لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەوە کە لەلایەن بەشی کارو خانەنشینییەوە فەراهەم کراون (ئەگەرچی ئێمە لەوانەیە پێویستیمان بەوە بێت کە پەیوەندی بە هەندێک خێزانەوە بکەین بۆ ئەوەی لەو زانیاریانە دلنیا ببینەوە کە لەلامانن).

**کەسێک چۆن دەزانێت ئەگەر شایستە بێت بۆ ئەوە؟**

ئەو نامەیەکی بەدەست دەگات کە پێی دەلێت ئەو بڕە پارەیەک وەردەگرێت و پێی دەلێت بۆچی.

**ئەی ئەگەر بەخشینی کەسێک بگێڕرێتەوە بۆ دواوە بۆ هەفتەی شایستە؟**

ئەگەر ئەو لە ڕێکەوتێکی دواتردا بڕە پارەیەکی گێڕراوە بۆ دواوەی بڕە پارەی کەمئەندامی منالی پێبدرێت، ئەو بڕە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا بۆ منالی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەدرێتێ. تەنها ئەو خزمەتخوازانەی کە بڕە پارەیەکی گێڕراوە بۆ دواوەی دەرمالهی ژیان بۆ کەمئەندامی بۆ منالآن و بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی وەردەگرن پێویستییان بەوە دەبێت کە پەیوەندی بە ئاسایشی کۆمەلایەتی سکۆتلەندەوە بکەن بۆ ئاگادارکردنەوەمان بۆئەوەی بتوانین بڕە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا بۆ منالیان بۆ جێبەجێ بکەین.

**بڕە پارەکە کەی دەدرێت؟**

بڕە پارەکان لە مانگی نۆڤەمبەرەوە دەدرێن.

mygov.scot/childwinterheating

پەڕەی زانیاری

**بڕە پارەکە چۆن دەدرێت؟**

بڕە پارەکە دەخرێتە سەر هەمان ئەژمێر کە دهرماڵهی ژیان بۆ کهمئهندامی بۆ مناڵان یان بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی Disability Living Allowance کەسەکەی دەخرێتە سەر، کە ئەوە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەژمێری دایکوباوک یان سەرپەرشتیارێک دەبێت لەبری مناڵەکە. کاتێک کە گەنجەکە تەمەنی لە 16 ساڵ زیاتر بێت و خۆی لە باری دارایی خۆی بەرپرسیار بێت، بڕە پارەکە ڕاستەوخۆ دەدرێت بە خۆی تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە کەسە گەنجەکە کەسێکی دەستنیشانکراوی هەبێت.

**ئایا کەسەکە پێویستە لەسەری بەڵگە یان پسووڵە فەراهەم بکات؟**

نەخێر، ئەو پێویست ناکات بەڵگە فەراهەم بکات کە پارەکە لە پسووڵەی سووتەمەنیدا سەرف کراوە.

**ئایا ئەوان چەند زوو زوو ئەوە وەردەگرن؟**

ئەوان ساڵانە ئەو بڕە پارەیە وەردەگرن، بەو مەرجەی کە هێشتا هەر شیاو بن.

**ئەی چی دەبێت ئەگەر مناڵەکە لە دەرەوەی سکۆتلەند بژی؟**

ئەگەر مناڵەکە شیاو بێت و لە وڵاتێکی یەکێتی ئەوروپادا بژی کە لەوێ پلەی گەرمی مامناوەندی زستان لە پلەی گەرمی شانشینی یەکگرتوو بەرزتر نەبێت، ئەو لەوانەیە شیاو بێت. ئەو دەبێت داوا بۆ ئەو بڕە پارەیە پێشکەش بکات و ئەو داوای لێ دەکرێت کە بەڵگەی پەیوەستەیەکی ڕاستەقینە بە سکۆتلەندەوە فەراهەم بکات. فۆڕمی داوانامەکە دەکرێت دابگیرێت لە **mygov.scot/child-winter-heating-payment**.

**ئایا کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە داوای دووبارە یەکلاییکردنەوە یان تانەدان بکات؟**

ئەگەر کەسێک یان کەسی دەستنیشانکراوی ئەو بە بڕیارەکە خۆشحاڵ نەبێت، ئەو دەبێت داوا لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند بکات بۆ ئەنجامدانی دووبارە یەکلاییکردنەوەیەک. بۆ نموونە، ئەوان لەوانەیە بیانەوێت ئێمە بە بڕیارەکەدا بچینەوە ئەگەر پێیان وەها نەبێت کە مناڵەکە شیاوە بۆ ئەو بڕە پارەیە. ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند هیوادارە لەماوەی 16 ڕۆژی کارکردندا لەو کاتەوە کە لە داخوازییەکە ئاگادار دەکرێنەوە دووبارە یەکلاییکردنەوەیەک ئەنجام بدات. ئەگەر ئەو خۆی یان کەسی دەستنیشانکراوی ئەو بە دووبارە یەکلاییکردنەوەکە خۆشحاڵ نەبن، ئەوان دەتوانن تانەدان ئەنجام بدەن بۆ بەردەم ترایبیوناڵی ئاستی - یهکهم بۆ سکۆتلەند لەماوەی 31 ڕۆژ لەو بڕیارەوە.

COST OF LIVING SUPPORT

خەڵکێکی زۆر خەمی تێچووی ژیانیانە. تۆ بەتەنها نیت. بۆئەوەی بزانیت تۆ دەشێت بۆ چ یارمەتییەک شیاو بیت، تکایە سەردانی ئێرە بکە **gov.scot/costoflivingsupport** یان سەردانی ستیزن ئەدڤایس Citizens Advice Bureau بیرۆی ناوچەکەت بکە.

**خەڵک چۆن دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن؟**

بەبێ بەرامبەر تەلەفونمان بۆ بکە: 0800 182 2222

خزمەتگوزاری ناردنی نامە: 18001 +0300 244 4000 (بۆ ئەوانەی کە گوێیان گرانە)

بەکارهێنەرانی زمانی ئاماژەی بەریتانی: contactscotland-bsl.org

وێبچات: chat.socialsecurity.gov.scot



فۆلۆی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند
بکەSocial Security Scotland